**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەشی کار و باری یاسایی**
**ژمارە : ٢٠٧٥**
**رێکەوتی:١٩ / ٨ / ٢٠٠٧**

## رێنمایی ژمارە( ٢ ) بۆ ساڵی ٢٠٠٧
## دەستدانی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق

پشت بە بەندەکانی ماددەی (٢٣) لە یاسای کار ژمارە (٧١) ساڵی ١٩٨٧ بڕیاری دەرچوونی ئەو رێنمایانەی خوارەوەمان دا :

**ماددەی یەکەم .**

**یەکەم : بیانی :** هەر کەسێك رەگەز نامەی عێراقی هەڵنەگرتبێت و بیەوێت کار بکات لە هەرێمی کوردستان بە پیشەی کرێکار لە کەرتەکانی تایبەت و تێکەڵاو و هەرەوەزی .

**دووەم : کار :** هەر کارێك ئەنجام بدرێت لە لایەن کەرتەکانی تایبەت و تێکەڵاو و هەرەوەزی .

**سێهەم : مۆڵەتی کار :** بەڵگەنامەیەکی فەرمیە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەردەچێت بە پێی نموونەی هاوپێچ لەگەڵ ئەم رێنماییە .

**چوارەم : کۆمپانیای کرێکار هێنەر :** هەر کۆمپانیایەکی مۆڵەت پێدراو و تۆمار کراو بە شێوەیەکی فەرمی بە هێنانی کرێکاری بیانی لە دەرەوە بە پیّ ی یاساو رێنمایی یەکانی چاودێری کراو .

**پێنجەم : کۆمپانیای کرێکاری بیانی کار پێ خەر :** هەر کۆمپانیایەکی مۆڵەت پێدراو و تۆمار کراو بە شێوەیەکی فەرمی بە بەکار خستنی کرێکاری بیانی بە پیّ ی یاساو رێنمایی یەکانی چاودێری کراو .

**شەشەم : مۆڵەتی کۆمپانیا :** بڕوانامەیەکی فەرمیە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەردەچێت ، بە و کۆمپانیایە دەدرێت کە مافی هێنانی کرێکاری بیانی هەیە.

**ماددەی دووەم :**

مۆڵەتی کار لە لایەن وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی یان ئەو کەسەی سەرپشك دەکرێت لە لایەنیەوە دەبەخشرێت لە دوای فەراهەمبوونی ئەو مەرجانەی کە لەم رێنماییەوە هاتوون .

**ماددەی سێهەم .**

خاوەن کار لە کەرتەکانی تایبەت و تێکەڵاو هەرەوەزی بۆی نیە کرێکاری بیانی کار پێبکات ئەگەر مۆڵەتی کار وەرنەگرێت بە پیّ ی مەرج و رێکارە دیاری کراو ەکانی ئەم رێنماییە .

**ماددەی چوارەم :**

کرێکاری بیانی بۆی نیە دەست بەکار بێت تاکو مۆڵەتی کار وەرنەگرێت .

**ماددەی پێنجەم :**

لەکاتی دەرکردنی مۆڵەتی کار پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە رەچاو بکرێت :

**یەکەم :** چەندین پێویستی هەرێمی کوردستان بە دەستە کاری بیانی هەیە لە سەر رۆشنایی داخوازی بازاری کارو بە پیّ ی پێویستەکانی پارێزگاکانی هەرێم لە پاش دڵنیابوون لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەکار خستن .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**دووەم :** پشتگیری فەرمانگەی ئاسایشی تایبەت تاوەکو رێگری ئاسایشی نەبێت بۆ بەکار خستنی کرێکاری بیانی .

**ماددەی شەشەم :**

ماوەی مۆڵەتی کار یەك ساڵە و نویّ دەکرێتەوە بە پیّ ی پێویستی لەگەلّ رەچاو کردنی ناوەرۆکی لە رێنمایی یەکە ، کرێکاری بیانی دەبێت لە رێگای خاوەن کار داوای نویّ کردنەوەی مۆڵەتەکەی بکات بەلایەنی کەم بەر لە مانگێك لە رێکەوتی بە سەراچوونی .

**ماددەی حەوتەم :**

**یەکەم:** لە سەر کەسی بیانی لە دەرەوەی هەرێم کە دەیەوێت کار بکات لە هەرێم پێویستە ئەم رێکارانەی خوارەوە بگرێتە بەر بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی کار کردن :

**أ.** داواکاریەکی نوسراو بۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی پێشکەش بکات لە رێگەی نوێنەرایەتی عێراق لە دەرەوە یان بریکارە فەرمیەکەی لە عێراق یان بە رێگەی خاوەن کار کە دەیەوێت بە کاری بخات.

**ب.** پێویستە داواکاریەکە سەرجەم زانیاریەکان بگرێتە خۆ کە پەیوەنددارن بە شیاوی کرێکار ، پشت بە بروانامەو ئەو بەلگەنامەی کە هەیەتی لەگەلّ دیار کردنی ناو و رەگەز و جۆر و ماوەی کار لەگەلّ ناو نیشانی خاوەن کار .

**ج.** بەرێوەبەرایەتی بەکار خستن لە پارێزگاکان هەلّدەستێت بە دلّنیابوون لە مەرجە یاسایی یەکان و وەرگرتنی رەزامەندی کار کردن لە هەرێم لە دوایدا دواندنی لایەنی پەیوەندی دار بۆ بەخشینی کارتی فیزا بۆ کەسی بیانی ، کە هاتە ناو هەرێم دەبێت سەردانی بەرێوەبەرایەتیەکانی ناوبراو بکات لە ماوەی حەوت رۆژ لە رۆژی هاتنە ناوەوەی هەرێم بۆ مەبەستی ناو نووس کردن و تەواو کردنی رێکاری مۆلّەت وەرگرتن .

**دووەم :** ئەو بیانیەی کە لە ناو هەرێمەو دەیەوێت کار بکات لە هەرێم دەبێت رەچاوی ئەم رێکارانە بکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کار :

**أ.** پێشکەش کردنی بەلگەنامەی یاسایی کە ئاماژە دەکات بە هاتنە ناوەوەو جیّ نشین بوونی لە هەرێم بە شێوەیەکی ئاسایی یاخود رەوا .

**ب.** داواکاریەکی نوسراو پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتی بەکار خستن لە پارێزگاکان بکات یان بە رێگەی ئەو خاوەن کار ەی کە دەیەویّ کاری پیّ بکات لە لای خۆی . .

**ج.** پێویستە داواکاریەکەی سەرجەم زانیاری پەیوەندیدارەکان بگرێتە خۆ ئەویش بە دلّنیابوون بە بروانامەو دۆکۆمنێت کە هەیەتی لەگەل دیار کردنی ناو و رەگەز و جۆر و ماوەی کارو ناونیشانی خاوەن کار .

**سێیەم :**

**أ** . ئەو کۆمپانیانەی کە ناویان تۆمار کراوە لە هەرێم و دەیانەوێت کرێکاری بیانی بهێنن و کاریان پێبکەن لە هەرێم ، دەبێت مۆڵەتی کار وەربگرن بە پیّ ی ئەو نموونەی کە فەرمانگەی کار و دەستەبەری بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی کردووە .

**ب**. ئەم کۆمپانیانەی کە دەیانەویّ کرێکاری بیانی بەکاربخەن ئەم رێکارانەی خوارەوە بگرنە بەر :

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١. داواکاری دەست نووسی بە بەڕێوەبەرایەتی بەکار خستن لە پارێزگاکان پێشکەش بکات کە تیایدا زانیاریەکی تەواو لەسەر شیاوی کرێکارە بیانیەکان دیار بکەن کە دەیانەوێ بۆ ناو هەرێم بیانهێنن .

٢. لە کاتی ڕەزامەند بوونی بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەکار خستن لە پارێزگاکان ، نوسراوێکیان پێدەدرێت بۆ فەرمانگەی نشینگە بۆ پێدانی کارتی فیزای هاتنەناوەوەی هەرێم .

ج. لەسەر ئەو کۆمپانیانەی کە نیازی هێنانی کرێکاری بیانیان هەیە بۆ ناو هەرێم پێویستە ڕێکەوتنامەی بەکار خستن لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی مەبەست پێشکەش بکەن .

د. کۆمپانیا مۆڵەت دارەکان لێپسراون بە دەستەبەر کردنی کرێکارە بیانیەکان لە کاتی هاتنە ناوەوەی خاکی هەرێم ، تا بە جێ هێشتنی خاکی کوردستان بە یەکجاری .

هـ. لە سەر ئەو لایەنەی کە کرێکاری بیانی بەکار دەهێنێت ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەکار خستن لە پارێزگاکان بکەن بە پێ ی ماددەی ( ٢٣ ) لە یاسای کار ی ژمارە( ٧١ )ی ساڵی ١٩٨٧ ، داواکاری تایبەت پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کار بە پێ ی ئەو ڕێکارانەی هاتووە لە ڕێنمایی یەکان .

**ماددەی هەشتەم :**

**یەکەم :** ئەگەر لە گرێ بەستی کاری بیانی دیار نەکرابێت ، لەسەر خاوەن کۆمپانیا یان خاوەن کار پێویستە کارتی سەفەر بۆ کرێکاری بیانی بدات لە سەر خەرجی خۆی بۆ ئەو وولاتەی کە کرێکارە بیانی یەکەی هێناوە بە مەرجێك لە کارەکەی دانەبڕابێت پێش کۆتایی هێنانی گرێ بەستەکە بە هۆیەکی نا یاسایی .

**دووەم :** لە کاتی مردنی کرێکاری بیانی کۆمپانیا یان خاوەن کار گواستنەوەی لاشەی کرێکاری بیانی دەخرێتە ئەستۆی بۆ شوێنی نیشتەجێ ی خۆی لە کاتی داوا کردنی کەس و کاریان ، ئەگەر نەکرا سەندیکای کرێکاران بە هەمان مەبەستی ئەنجامدانی کاری سەرەوە هەڵئەستێ لەسەر خەرجی کۆمپانیا یان خاوەن کار ، هەموو خەرجیەکانی بۆ دەگەڕێتەوە بە ڕێگاکانی ئاسایی .

**ماددەی نۆیەم :**

کرێکاری بیانی پێویستە ئەمانەی خوارەوە جێ بەجێ بکات :

**یەکەم :** واز لە کارەکەی بهێنێت لە کاتی بە سەر چوونی ماوەی مۆڵەتەکە ئەگەر نوێ ی نەکرایەوە .

**دووەم :** مۆلەتەکەی بە خاوەن کار بدات لە کاتی کۆتایی هاتنی گرێبەستی کار بە هەر هۆیەکی یاسایی .

**سێیەم :** بەڵێنامەیەك پێشکەش بکات بە ڕاهێنانی سەرجەم کرێکارانی پرۆژە لە سەر ئەو کارەی کە دەیکات لە ماوەی مۆڵەتەکەی .

**ماددەی دەیەم .**

لە سەر خاوەن کار پێویستە ئەمانەی خوارەوە بکات : :

**یەکەم :** ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەکار خستن لە پارێزگاکان بکات لە کاتی جێهێشتنی خزمەتی کرێکاری بیانی لە کارەکەی یان کۆتایی مۆڵەتەکەی یان جێ هێشتنی هەرێم ، پێویستە مۆڵەتەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ لایەنی سەرەوە .

**دووەم :** ئامادە کردنی تۆمارێك بۆ تۆمار کردنی زانیاری پێویست لەسەر کرێکارانی بیانی .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان

www.mojkurdistan.com

**سێیەم** : کرێکاری خۆماڵی تەرخان بکات وەکو یاریدەدەری کرێکارانی بیانی تەکنیکار لە پرۆژەکە توانایان بگونجێ لە گەڵ توانای کرێکاری بیانی بۆ ڕاهێنان تاوەکو شارەزایی پێویست وەربگرن لە ماوەی مۆڵەتی کاری بیانیەکە .

**ماددەی یانزەهەم :**

**یەکەم** :مۆڵەتی کار هەڵدەوەشێتەوە لە هەر کاتێك لەم بارانەی خوارەوە : :

أ . ئەگەر ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی کە تیایدا داوای مۆڵەتی کاری کردبوو دروست نەبوون .

ب. ئەگەر بوونی کرێکاری بیانی زیانی هەبوو بۆ بەرژەوەندی گشتی.

ج. ئەگەر خاوەن کار هەڵسا بە کۆتایی هێنانی گرێبەستی کاری کرێکاری خۆمالی بە پێچەوانەی یاسا و بەکار خستنی کرێکاری بیانی لە شوێنی ئەو کە هەمان تواناو مەرجی کاری کرێکاری بیانی هەیە .

**دووەم** . هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت ڕێگر نیە لە بەر دەم ڕەوانە کردنی کرێکاری بیانی یان خاوەن کار بۆ دادگا لە لای سەرپێچی کردنی هەر بڕگەیەك (أ ، ب) ئاماژە پێکراو لە سەرەوە لە لایانیانەوە .

**ماددەی دوانزەهەم :**

هەر کەسێك سەرپێچی بەندەکانی ماددەی ٢٣ لە یاسا ئەو ڕێنمایی یانەی کە جێگای گرتۆتەوە بکات سزا دەدرێ بە پێ ی بەندەکانی ماددەی (٢٤) دووەم لە یاسای کار.

**ماددەی سیانزەهەم :**

ئەمانەی خوارەوە بە دەرن لە بەندەکانی ڕێنمایی یەکە :

**یەکەم** : ئەو کرێکارانەی کە کار دەکەن لە لایەن دەستەی نیو دەوڵەتی و نوێنەرایەتی دبلۆماسی و قونسلگەری بازرگانی و بیانی باوەر پێکراو لە هەرێم .

**دووەم** : ئەو بیانیانەی کە یاسا و رێکەوتنامەو پەیماننامە نێو دەوڵەتی یەکان کە حکومەت تیایدا لایەنە بە دەست دانە کار لە هەرێم .

**سێیەم** : ئەو بیانانەی کە کار دەکەن لە لایەن حکومەت .

**ماددەی چواردەهەم :**

ڕێنمایی یەکانی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٧ کاری پێ ناکرێت .

**ماددەی پانزەهەم :**

ئەو ڕێنمایی یانە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بلاْوکردنەوی لە وەقایعی کوردستان .

**عدنان محمد قادر**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەلاْیەتی**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com